گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol. 28 Issue SpC 2024
ID No. 1708 (PP 61-73)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpC.4

توێژینەوە

# كاریگەری هەڕەشە ئاسایشیەكانی توركیا و ئێران بۆ سەر هەرێمی كوردستان پاش ئەنجامدانی ریفڕاندۆمی ساڵی ٢٠١٧-٢٠٢٣

**شڤان حەمەصدیق عەبدولرەحمان/** بەشی زانستە سیاسییەكان، كۆلێژی زانستە سیاسییەكان، زانكۆی سلاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی كوردستان،عێراق

**صاڵح مەلا عومەر عیسا/** بەشی زانستە سیاسییەكان، كۆلێژی زانستە سیاسییەكان، زانكۆی سلاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی كوردستان،عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە سەرقاڵی دەستنیشانكردنی هۆكارەكانی پشت هەڕەشەكانی دەوڵەتی توركیا- ئێرانە بەرامبەر هەرێمی كوردستان لە پاش ئەنجامدانی ریفڕاندۆم كەگۆڕانكارییەكی گەورەی بەسەردادێت. پەیوەندییەكانی هەردوو دەوڵەت لەگەڵ هەرێمی كوردستان لە پاش ئەنجامدانی ریفڕاندۆم لە شێوازی دۆستایەتی ، هەماهەنگی ئابوری، دبلۆماسی و ئاسایشییەوە دەگۆڕێت بۆ شێوازێك لە دوژمنایەتی وەك فشاری سیاسی، ئابوری، یاسایی و هەڕەشە ئاسایشیی بە ئامانجی لاوازكردنی هەرێمی كوردستان.

ئەنجامدانی ریفڕاندۆم دەستپێكی قۆناغێكی نوێیە لە نێوان هەر سێ ئەكتەر كە لەسەر بنەمای گومان و ترس بونیادنراوە، ئەم گومانە وایكردووە هەنگاوەكانی هەر دوو دەوڵەت هەڕەشەیەكی گەورەی ئاسایشی بن لەسەر مانەوەی هەرێمی كوردستان. ئەم توێژینەوەیە پێیوایە هەڕەشەكانی هەردوو دەوڵەت دەرئەنجامی هەوڵی دەرچوونی هەرێمی كوردستانە لە پەیوەندی نێوان هێزیكی پرۆكسی و كریارێكی سیاسی لەگەڵ هەردوو دەوڵەت و هەوڵدانە بۆ دروستكردنی پەیوەندییەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش. توركیا و ئێران تا ئەندازەیەكی زۆر ئامادەنین مامەڵە لەگەڵ هەرێمێك بكەن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش كە نزیكی جوگرافی، تێكەڵاوی كولتووری و نەتەوەیی لەگەڵ نەتەوە و خاكی ئەو دوو دەوڵەتە هەبێت. دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەكات كە دەوڵەتانی دراوسێی كورد تەنها لە چوارچێوەیەكی كولتووری و مەدەنی ئامادەن مافەكانی كورد قبوڵبكەن، ئەگەر هەرێمی كوردستان خواستی هەماهەنگی ئابوری، سیاسی و ئاسایشی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ هەبێت، ئەوە هەماهەنگیەكە دەبێت لە خزمەتی بەرژەوەندی تاكلایەنەی دەوڵەتانی دەوروبەربێت.

CORRSPONDANCE
شڤان حەمەصدیق عەبدولرەحمان
shvan.abdulrahman@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/01/30
پەسندكردن 2024/03/17
بڵاوكردنەوە 2024/12/15

**وشە سەرەكییەكان:**
هەڕەشە ئاسایشییەكان ،
ریفڕاندۆم ،
دۆستایەتی ،
دوژمنایەتی ،
هەڕەشەكان

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی:

ئاسایش هەمیشە خەمی قووڵی هەر قەوارەیەکی سیاسییە چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەری هەیە لەسەر مانەوەی هەر قەوارە و نەتەوەیەک. ئاسایش بەهایەکە کاتێک گرنگیەکەی بەدەردەکەوێت کە لە دەستدەدرێت، چونکە کەلێنی ئاسایشی گەورە بە واتای لاوازی لە سەروەری و خود حوکمڕانی کردن بۆ هەر نەتەوە و دەوڵەتێک. لە لایەکی دیکەوە، شێوازی کارکردنی هەر ئەکتەرێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلێنە ئاسایشییەکان و جۆری هەڕەشەکان دەستنیشانی ئاستی مەترسییەکان دەکات. هەندێک نیگەرانی ئاسایشیی بە تێپەڕبوونی کات دەبن بە مەترسی گەورە بۆ بەشێک لە دەوڵەتان، هەندێک نائارامیش بە سروشت پەلدەکێشن بۆ ململانێی مەترسیدار. چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نائارامییەکان هەمیشە دەستنیشانی دۆست و دوژمن دەکات بۆ هەر ئەکتەرێکی دەوڵەتی و نادەوڵەتی. لەم چوارچێوەیەدا، تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی (RSCT) سەر بە قوتابخانەی کۆپنهاگن تێگەیشتنێکی گشتگیر و بەسوود پێشکەشدەکات دەربارەی هۆکاری دروستبوونی هەڕەشەکان و گۆڕانی پەیوەندی دۆستایەتی بۆ پەیوەندی دوژمنایەتی، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییەکان و پاراستنی ئاسایش لە نێوان دەوڵەتان.

هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزی ئاسایشیدایە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران، چونکە لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیلکراودایە لەگەڵ هەردوو دەوڵەت کە تێکەڵاوی جوگرافی، هاوبەشی، نەتەوەیی، مێژوویی و ئاینیان لەگەڵ یەکتر هەیە. ریفراندۆم خاڵی وەچەرخانە لە پەیوەندییە ئاسایشییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران و تورکیا، بەجۆرێک پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم پەیوەندییەکان لە ئاستی هەماهەنگی ئابوری، سیاسی و ئاسایشییە و لە خزمەتی ئەجێندای هەردوو دەوڵەتدایە، بەڵام ساڵی ٢٠١٧ پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم گۆڕانکارییەکی جەوهەری بەسەر تێڕوانین و بیرکردنەوەی هەردوو دەوڵەت دروستدەبێت و پەیوەندییەکان دەچنە قۆناغی ئەنجامدانی هەڕەشە؛ لێکەوتەی ئەم گۆڕانکاریە تاوەکو ئەندازەیەکی زۆر هەرێمی کوردستانی سنوردار و لاواز کرد بە بەراورد بە پێگەی پێشووی لە ڕووی سیاسی، ئابوری، ووزە و دبلۆماسی.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە لە چوارچێوەی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی (Regional security complex theory) هۆکارەکانی گۆڕانی تێڕوانینی هەردوو دەوڵەت بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە پاش ریفراندۆم شیبکاتەوە. توێژینەوەکە هەوڵدەدات لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە ووردتر بچێتە ناواخنی هەڕەشە ئاسایشییەکانی سەر هەرێمی کوردستان؛ وەک بۆچی هەڕەشەو کاردانەوەکانی تورکیا و ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان پاش ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە ڕێککەوتی ٢٥-٩-٢٠١٧ هێندە گەورەبوون؟ چۆن پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت لەگەڵ هەرێمی کوردستان گۆڕانیان بەسەرداهات؟ چۆن هەڕەشەکانی هەردوو دەوڵەت مەترسین بۆ سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان؟

توێژەر هەوڵدەدات ئەم مشتومڕە (argument) پەرەپێبدات کە ریفراندۆم هەنگاونانە بەرەو خواستی گۆڕانکاریکردن لە پەیوەندی تورکیا و ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە پەیوەندی نێوان ئەکتەرێکی نادەوڵەتی لەگەڵ دوو ئەکتەری دەوڵەتی هەژموونخوازی بەهێزی هەرێمیی. پەیوەندییەکانی پێشووی هەردوو دەوڵەت لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێکخرابوو لەسەر ئەو بنەمایەی لایەنی یەکەم لە خزمەتی ئەجێندانی ئاسایشیی، ئابوری، سیاسی لایەنی دووەم بێت، ریفراندۆم هەوڵدانبوو بۆ دروستکردنی پەیوەندییەک لە نێوان هەردوو لایەن لە سەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش (mutual interests). بەهۆی تێکەڵاوی ئابوری، نەتەوەیی، مێژوویی و نزیکی و هاوبەشی جوگرافی نێوان هەردوو دەوڵەت لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەم هەنگاوە لە لایەن هەردوو دەوڵەت بەهەڕەشەیەکی ئاسایشیی گەورە هەژمارکرا. بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەی ئەم هەڕەشە گەورەیە، ئێران و تورکیا پاش ریفراندۆم کۆمەڵێک هەنگاویان بە ئامانجی بچوکردنەوەی هەرێمی کوردستان گرتەبەر، ئێران ڕاستەوخۆ سنوری بەسەر هەرێمی کوردستان داخست، تورکیا ئاسمان و فرۆکەخانەکانی بەسەر هەرێمی کوردستان داخست، دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دەرئەنجامی ریفراندۆمی هەڵپەسارد و پاشان بریاریدا بە ڕێگریکردن لە هەناردەکردنی نەوت، هێرشی درۆنی و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی دەرواز سنورییەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن عێراقەوە چووە بواری جێبەجێکردن.

ئەم هەنگاوانە لە ٢٠١٧ دەستپێکرد و بەردەوامبوو تاوەکو ٢٠٢٣ بە ئامانجی ڕێگریکردن لە هەرێمی کوردستان تاوەکو نەگەڕێتەوە پێگەی سیاسی و ئابوری پێش قۆناغی ئەنجامدانی ریفراندۆم. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و شیکردنەوەی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر پشت بە سەرچاوە دووەمیەکان (secondary sources) دەبەستێت لە ڕێگەی ڕێبازی شیکردنەوەی چۆنیەتی " qualitative method". واتە ئەم توێژینەوەیە هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو پەرتوکە ڕەسەنانەی ستراتیژی هەردوو دەوڵەت لە قۆناغی پێش و پاش ریفراندۆم بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەخەنەروو، هەوڵدەدات شیکردنەوەیەکی چۆنایەتی بۆ هەڕەشە، لێدوان، کردار و هەنگاوەکانی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران بکات لە پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم قۆناغ بە قۆناغ بەرامبەر هەرێمی کوردستان

جێبەجێکرا کە زیاتر بە ئاراستەی فێرکردنی وانەیەک بوو بە هەرێمی کوردستان کە هەرگیز پشت بە پاڵپشتی دەرەکی نەبەستێت، واتە ئەو سیستەمە جێکەوتەی پاش سایکس بیکۆ هاتۆتە ئاراوە شایەنی دەستکاریکردن نییە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت. لە پێشەکی توێژینەوەکە توێژەر ناونیشان، پرسیار، ئارگۆمێنت، ئامانج، میتۆد و پەیکەری توێژینەوەکە دەخاتەروو. لە بەشی یەکەمدا چوارچێوەیەکی تیۆری سەبارەت بە تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی دەخرێتە روو کە دەبێتە بناغەیەک بۆ تێگەیشتن لە هەڕەشە و کاردانەوەکانی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم بەرامبەر هەرێمی کوردستان. لە بەشی دووەمدا تیشک دەخرێتە سەر ستراتیژیەتی دەوڵەتی ئێران و تورکیا لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان بە تایبەت پێش قۆناغی ئەنجامدانی ریفراندۆم. لە بەشی سێیەم دیارترین ئەو هەڕەشە ئاسایشیانە دەستنیشاندەکرێت لە پاش ریفراندۆم لە لایەن هەردوو دەوڵەت بەرامبەر هەرێمی کوردستان گیرانەبەر، هەر لەم بەشەدا شیکردنەوە بۆ لێدوان، هەڕەشە وهەڵسوکەوتی بەرپرسانی باڵای هەردوو دەوڵەت بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەکرێت. پاشان لە کۆتایدا کۆمەڵێک دەرئەنجام لەسەر پەیوەندییەکانی ئێستای ئێران و تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەخرێتەروو.

### ١/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

تیۆرە جیاوازەکانی بواری دیراساتی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و خوێندنەوەکانی ئاسایشی کلاسیک و هاوچەرخ بە ووردی دەستنیشانی ئەو فاکتەرانەیان کردووە کە دەبێتە مایەی دروستبوونی هەڕەشە لەسەر ژێرخانی سیاسی دەوڵەت و شێوازی گواستنەوەی هەڕەشەکان، هەروەها ئاماژەیان بەو هۆکارانە داوە کە مەترسین بۆ مانەوەی دەوڵەت. هاوکات میکانیزمەکانی خۆپاراستن و دڵنیایی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەستنیشانکراوە. بۆیە لەگەڵ پێناسەکردن و باسکردنی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی، ئەم بەشە تایبەتە بە تێگەیشتن لە هەڕەشە ئاسایشییەکانی ئێران و تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم، لە باسی یەکەمدا تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی دروستبوونی مەترسییە ئاسایشییەکان لە نێوان دەوڵەتان، هەروەها لە باسی دووەمدا جەخت دەکاتە سەر شێوازی گواستنەوەی هەڕەشەکان و دروستبوونی دۆستایەتی و دوژمنایەتی لە نێوان دەوڵەتان. ئەم چوارچێوە تیۆریە هاوکار دەبێت بۆ تێگەیشتن لە کاردانەوەی توندی هەردوو دەوڵەت بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە پاش ریفراندۆم و ئەو مەترسیە ئاسایشییانەی بەردەوام بۆ هەرێمی کوردستانی دروستدەکەن.

#### ١-١ / دروستبوونی هەڕەشە ئاسایشییەکان لە نێوان دەوڵەتان:

لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیدا، کە هەندێکجار بە تیۆری ئاسایشی ئاڵۆز ناودەبردرێت (regional security complex) چوارچێوەیەکی نوێ بۆ خوێندنەوەی کێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هاتۆتەئارا کە دەکرێت بەدوو ئاست بناسێندرێت؛ یەکەم لە ئاستی تییۆری کۆمەڵەی ئاسایشی کلاسیکی کە لە پەرتوکی (خەڵک و دەوڵەتان و ترس) ئاماژەی پێدراوە، ئاستی دووەم بەرفراوانترەو بریتیە لە کۆمەڵەی ئاسایشیی هەرێمیی لە پەرتوکی (هەرێمەکان و هێزەکان: ستراکچەری ئاسایشی نێودەوڵەتی) لە ساڵی (2003) لە لایەن هەردوو زانا (باری بوزان و ئۆلی وەیڤەر) بڵاودەکرێتەوە کە چوارچێوەیەکی تیۆریە سەبارەت بە چۆنیەتی دروستبوونی مەترسییە ئاسایشییەکان لە سەردەمی پاش جەنگی سارد، بە کورتی ئەم پەرتوکە هەوڵدەدات شێوازە نوێیەکانی نیگەرانیە ئاسایشییەکان کە بە شێوازی جۆراوجۆر رووبەرووی دەوڵەت دەبێتەوە شیبکاتەوە. ئاستی یەکەم لە کۆمەڵەی ئاسایشی کلاسیکی لە رووی هەرێمییەوە لەسەر چەند پێوەرێک مامەڵە دەکات. دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی بگوترێت کە لە ئاستی یەکەم "گریمانەی سەرەکی ئەوەیە وابەستەیی ئاسایشیی لە نێوان ئەو دەوڵەتانە زیاترە کە لەناو یەک کۆمەڵەی ئاسایشیدان نەک لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی لە دەرەوەی کۆمەڵەکەن. واتە کۆمەڵەی ئاسایشی لێرەدا بریتیە لە پەیوەندییەکی چڕی ئاسایشیی لە نێوان دەوڵەتان لەناو یەک هەرێمدا" (Yandas, 2005, P. 15). بوونی پەیوەندی تێکهەڵکێش لە نێوان یەکە ئاسایشییەکان لەناو یەک کۆمەڵەی ئاسایشیدا شێوازەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی (enmity & amity) دەهێنێتە ئاراوە کە دروستکراوێکی کۆمەڵایەتییە. ئەم دوو شێوازەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی لە ئەنجامی تێکەڵبوون و ئاوێتەبوون (interactions) ی ئێروانین وهەڵسوکەوتی دەوڵەتانەوە دروستدەبێت.

پێناسەی کۆمەڵەی ئاسایشی لە خوێندنەوەی کلاسیکدا بریتیە لە "گروپێک لە دەوڵەت کە نیگەرانیە ئاسایشییە سەرەکیەکانیان پێکەوە بەستراون بە جۆرێک ئاسایشی نیشتمانی هیچ دەوڵەتێک لە دەوڵەتێکی دیکە جودا ناکرێتەوە" (Buzan, 2003, p. 47). کەواتە لێرەدا کۆمەڵەی ئاسایشی بە چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە وەکو نزیکی جوگرافی (territorial proximity) هەروەها

خێرا گواستنەوەی هەڕەشەکان لە ئاستی هەرێمی. بە واتایەکی دیکە هۆکاری بوونی ژینگەیەکی نادڵنیا لە سیستەمی نێودەوڵەتی، ترسی دەوڵەتان لە نیەتی دەوڵەتی بەرامبەر، دروستبوون و خێرا گواستنەوەی هەڕەشە ئاسایشیەکان پەیوەندیدارە بە بوونی هەرێمەکان و تێکەڵاوی بەرژەوەندییەکان. بۆیە هەردوو زانای سەرەکی کە دارێژەری تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشین (باری بوزان- ئۆلی وەیڤەر) ئاماژە بەوەدەن کە "دەوڵەتان زیاتر ترسیان بەرامبەر دەوڵەتانی دراوسێ هەیە بە بەراورد بە زلهێزە جیهانییە دوور دەستەکان"(Buzan 2003, P. 141)، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پێوەری هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە لەم تیۆرەدا بریتیە لە هەرێم. هێرشەکان زووتر دەگوازرێنەوە چونکە ئاستی هەرێمی یەکەی شیکردنەوەیە.

لە تیۆری (RSCT) هەڵسەنگاندن بۆ هەڕەشەکان و شیکردنەوە بۆ پەیوەندی نێوان دەوڵەتان تەنها بەهۆی نزیکی جوگرافی ناکرێت، بەڵکو ئانارکیەتی سیستەمی نێودەوڵەتیش ڕۆڵدەگێرێت، (بیل ماکسوینی) دەڵێت "گواستنەوەی هەڕەشەکان لەم تیۆرەدا بەهۆی نزیکی جوگرافی و جیاوازی تێگەیشتنی دەوڵەتان، نمونەیەکی ووردی ئانارکیەتی سیستەمی نێودەوڵەتییە کە پەیوەندی دۆستایەتی و دوژمنایەتی بەرامبەر یەکتر دەهێنێتەئاراوە" (McSweeney 1999, P. 63). تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیی هاوڕایە کە سیستەمی نێودەوڵەتی ئانارکییە و دەوڵەتان ترسیان لە نیەتی دەوڵەتانی دراوسێ هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەڵێت "ئاسایش و دۆستایەتی و دوژمنایەتی دروستکراوێکی کۆمەڵایەتیە".(Coskun, 2007, p. 4)  کەواتە بە پێی ئەم تیۆرە، هەر ڕووداوێک لە ئاستی نێودەوڵەتی، یاخود ئاستی هەرێمی ڕوودەدات ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئەو دەوڵەتانە دروستدەکات کە لەناو یەک کۆمەڵەی ئاسایشیدان. بە واتایەکی دیکە، پرسی سەقامگیری ناوخۆیی دەوڵەتێک پەیوەندی بەو ڕووداوانە هەیە کە لەدەرەوەی سنوری دەوڵەتەکە و لە ئاستی هەرێمی ڕوودەدەن، بەتایبەت لەو هەرێمانەی کەوا زۆرترین تێکەڵاوی سنوری و نەتەوەیی هەیە. (RSCT) چوارچێوەیەکی سوودبەخشە چونکە ڕەچاوی چەندین ئەکتەری جیاوازدەکات کە بەشدارن لە کێشە و ڕەفتارە ئاسایشییەکان وەکو ئەکتەری ناوخۆیی، نیشتمانی، ئەکتەری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی" (Manis & Kaválek 2016, P. 2-3). لە تیۆری کۆمەڵەی ئاسایش هەرێمیدا، پەیوەندی پێکەوەبەستراوی ئاسایشی دەوڵەتان لە کۆمەڵێک فاکتەر سەرچاوەدەگرێت "وەکو بەرژەوەندیە هاوبەش و دژبەیەکەکان، هەڵسوکەوتی پەیوەندیدار بەیەکتر، تێڕوانینی پێکەوەبەستراو، هەموویان نوێنەرایەتی ئەو فەزایە لە نیگەرانی دەکەن کە دەوڵەتان هەیانە لەسەر ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژین" ( Eyvazov, 2001, p. 18). دەوڵەتان لەناو یەک کۆمەڵەی ئاسایشی لەیەکتر بە گومانن و دەترس بەهۆی کۆمەڵێک پێوەر؛ وەکو "توانا سەربازی و تەکنەلۆژییەکانی دەوڵەتان لە ئاستی هەرێمی، دووەم قەبارەو ژمارەی هێزی سەربازی دەوڵەت لە ئاستی هەرێمی، شێوازی بەڕێوەبردنی سێکتەری بەرگری دەوڵەتەکە لە ئاستی هەرێمی، هەڵکەوتە جواگرافییەکان و سنوری دەوڵەتێک لە ئاستی هەرێمیدا، هاوپەیمانییە سیاسی و سەربازییەکان لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی" (kusztal,2017, P.20).

هەرێمی کوردستان بەهۆی تێکەڵاوی نەتەوەیی و هاوبەشی زمان لە لایەک، هەروەها نزیکایەتی جوگرافی لەگەڵ هەردوو دەوڵەت لە لایەکی دیکەوە، هەمیشە کاریگەری لەسەر ئاسایشی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران لە ئاستی جیاوازی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری دروست دەکات. بۆیە کاتێک "هێزو دەستەبژێرە حوکمرانەکان هەوڵی بەهێزکردنی ئاسایشی خۆیان دەدەن، ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی حەتمی پێکدادانی بەرژوەندییەکان لە ئاستی ناوخۆ و هەرێم و نێودەوڵەتی ڕوودەدات" (Ayoob, 1999, p. 252). نمونەی ئەم توێژینەوەیە هەرێمی کوردستانە کە پیشانیدەدات چۆن هەردوو دەوڵەتی دراوسێ بە گومانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن چونکە هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی دەکەوێتە ناو بازنەی ئاسایشی نیشتمانی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا. ئەمە واتای ئەوەیە کە هەر  هەنگاوێک کە هەرێمی کوردیستان دەیهاوێژێ ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر ئاسایشی نیشتمانی هەردوو دەوڵەتی دراوسێ کە هاوبەشی سنور و جواگرافیا لە نێوانیان هەیە. کەواتە تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی کە تیشکدەخاتە سەر ئەوەی هەموو دەوڵەتەکان لە تۆڕێکی نێودەوڵەتی ئاسایشی پێکەوەبەستراون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە باشترین چوارچێوەیە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران پاش ئەنجامدانی ریفڕاندۆم.

### ١- ٢/ گواستنەوەی هەڕەشەکان و دروستبوونی دۆستایەتی و دوژمنایەتی:

گواستنەوەی مەترسییەکان بە تێڕوانینی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی بەهۆی چەند فاکتەرێک دروستدەبێت، وەکوو تێکەڵاوی سنور، و هاوبەشی جوگرافی، کلتور، مێژوویی و زمان لە نێوان نەتەوەو دەوڵەتەکان، زۆربەی دەوڵەتەکان لە جیهان لە رووی هێزی هەرێمایەتی و جوگرافیاو توانا سەربازیی و مرۆییەوە بچوکن، بۆیە بە ناچاری گرنگی بە ڕووداوەکانی دەرەوەی سنوری خۆیان دەدەن چونکە بە ئاسانی کاریگەر دەبن بە گۆڕانکارییەکان و مەترسیان لەسەر دروستدەبێت. پرسیارێکی جەوهەری لێرەدا دێتە پێشەوە، ئەویش ئایا هەرێمی کوردستان چ جۆرە ئەکتەرێکە لە سیستەمی هەرێمی و جیهانی؟ لە وەڵامدا دەشێت بگوترێت هەرێمی

کوردستان کیانێکی سیاسی دەستوریە لە ناو عێراق و ئەکتەرێکی نادەوڵەتییە کە بە چەند تایبەتمەندییەک جودا دەکرێتەوە لە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی دیکەی ناوچەکە کە کۆمەڵێک ڕەگەزی هاوشێوەی دەوڵەت پەیرەودەکات. هەرێمی کوردستان لە ئاستی فەرمی، پێکهاتە و فۆرمی حوکمرانیکردن و خۆبەڕێوەبردنی هەیە، هەروەها لە ئاستی پەیڕەوی سیاسی، چالاکییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی جیاوازە لە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. (باری بوزان) دەڵێت "لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیدا، جوگرافیا، سەرچاوەی سروشتی تاکە فاکتەری یەکلاکەرەوە نین بۆ پێوانەکردنی ڕۆڵی ئەکتەرەکان ، پرۆسەی ڕۆڵبینین لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیدا، بریتیە لە دروستکراوی کۆمەڵایەتی نێوان ئەندامانی هەرێمێکی دیاریکراو، ئەم ئەندامانە دەتوانن گۆڕانکاری و کاریگەری دروستبکەن لە پرۆسەی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر" (Buzan, 2003, p. 481).
هەرێمی کوردستان، بەهۆی نزیکی جوگرافی، تێکەڵاوی مێژوویی و نەتەوەیی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا "کورد بە مەترسی دەبیندرێت و دەوڵەتانی دراوسێ هەمیشە بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد و بوونی هەرێمی کوردستان دەکەن" (Ahmed, 2022, p. 14). هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک کێشەی ئاسایشی هەیە لەگەڵ تورکیا و ئێران کە مەترسی گەورەن لە سەر مانەوەی هەرێمی کوردستان. بۆ نمونە، هەردوو دەوڵەت زۆر هەستیارن بەرامبەر بە جوڵە و هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان. تورکیا و ئێران پێیانوایە کە هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ دەتوانێت کاریگەری لەسەر کوردانی پارچەکانی دیکە دروست بکات لە ڕووی نەتەوەییەوە، ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر یەکگرتویی خاکی ئەوان، بۆیە وەکو کاردانەوە و هەوڵدان بۆ خۆپاراستن، هەردوو دەوڵەت ڕاستەوخۆ مەترسی ئاسایشی دروستدەکەن و لە پێناوی سنوردانان بۆ جوڵەو کاریگەری هەرێمی کوردستان دەستتێوەردان دەکەن. "هەرێمی کوردستان زۆر هەوڵیداوە بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەک لە چوارچێوەی عێراق، چونکە بەردەوام دەناڵێنن بەدەست کێشەو دەستتێوەردانی ئاسایشی دەوڵەتانی دراوسێ، هەرێمی کوردستان ئەو کاتە سەقامگیربوو کە توانی هاوپەیمانێکی بەهێزی دەرەکی بدۆزنەوە تاوەکو بیپارێزێت لە هەڕەشە ئاسایشییەکان، بۆیە پەیوەندییەکی زۆر بەهێزیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە" (Bahgat, 2005, p. 97). ئەم دۆخە پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم گۆڕانکاری بەسەرداهات و هەرێمی کوردستان تاوەکو ئەندازەیەکی زۆر پاڵپشتی ئەمریکای لەدەستدا، ئەمەش دەستی هەردوو دەوڵەتی زیاتر کردەوە بۆ ئەوەی گوشارەکانیان زیاتر بکەن.
لە ڕوانگەی چوارچێوەی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیی، هەرێمی کوردستان لە چەند ڕەهەندێکەوە بەشێکە لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیی لە ناوچەیەکی ئاڵۆزی پڕ کێشمەکێشی ئاسایشی. بۆ نمونە، بەرژەوەندییە ئاسایشییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران و تورکیا پێکەوەبەستراو تێکەڵە. هاوبەشی سنور، نەتەوەیی لە نێوانیاندا هەیە، گۆڕانکارییە ئاسایشیی، سیاسی، ئابورییەکان کاریگەری لەسەریان دروستدەکات. هەرێمی کوردستان شوێنێکە قوڵایی ستراتیژی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی هەردوو دەوڵەت هەیە. بۆیە بە ئاستی پەیوەندییەکانیان بۆ دۆستایەتی و دوژمنایەتی دەگۆڕێت، چونکە لە بنەڕەتدا تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیی بریتیە لە "پەیوەندیەکی ئاسایشیی ڕێژەیی لە نێوان دەوڵەتان کە دەبێتە مایەی دروستبوونی فۆرمێکی هەرێمیی جیاواز لە ڕێگەی توخمەکانی دابەشبوونی هێز و پەیوەندییە مێژوویەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی تەعبیری لێدەکرێت" (Buzan, 2003, p. 141). دۆستایەتی و دوژمنایەتی ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێرن لە چۆنیەتی دروستبوونی پەیوەندییەکان لە نێوان دەوڵەتان،بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، لە نێوان دەوڵەتان "ئەگەر بڕێکی زۆر دوژمنایەتی هەبێت لە نێوان یەکەکانی کۆمەڵەیەکی ئاسایشیدا ئەوا بەرەو توندوتیژیەکی نەرێنی دەڕوات و ململانێی سەربازی و ئاسایشیی دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر بە ڕێژەیەکی زۆر دۆستایەتی هەبێت لە نێوان هەمان یەکەکانی کۆمەڵەیەکی ئاسایشیدا ئەوا ئاسایشی کۆمەڵگەیی دروستدەبێت و هەنگاو دەنێت بەرەو هاوپەیمانیەتی" (Yandas, 2005, p. 16). بۆیە کاتێک دەوڵەتان بەرژەوەندییەکانیان پێچەوانەی یەکتر بێت، دوژمنایەتی و ناکۆکی لە نێوانیان دروست دەبێت، هەروەها کاتێک بەرژەوەندییە نیشتمانی و ئاسایشیەکانیان هاوتای یەکتر بێتەوە هەماهەنگی و دۆستایەتی لە نێوانیان دروست دەبێت.
هەرێمی کوردستان لە پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا بەرەو ناکۆکی و دوژمنایەتی ڕۆیشت، چونکە ریفراندۆم پێچەوانەی بەرژەوەندی هەردوو دەوڵەت بوو، جوڵەیەک بوو بە هەڕەشەیەکی بونیادی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی هەردوو دەوڵەت خوێندرایەوە، ئەم تێگەیشتنەش بۆ ریفراندۆم لە لایەن هەردوو دەوڵەت لە تێکەڵاوی مێژوویی، نەتەوەیی، هاوبەشی سنور و نزیکی جوگرافیەوە زیاتر سەرچاوەی گرت، کاردانەوەکانی هەردوو دەوڵەت وەکو وەڵامێک بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم یەکجار گەورەو کاریگەربوون دیسان بەهۆی نزیکی جوگرافیەوە. بۆ نمونە، چونکە هەرێمی کوردستان لە جوگرافیایەکدایە هاوسنوری هەردوو دەوڵەتە و دەستیناگات بە ڕێڕەوەی ئاوی، بە تەنها داخستنی دەروازە

سنورییەکان لە لایەن ئێران کە بچوکترین هەنگاوە بەڵام مەترسیدارترین هەڕەشە بوو کە بۆ ماوەیەک گەورەترین قەیرانی خۆراکی و گرانی بۆ هەرێمی کوردستان دروستکرد.

دوو دینامیکیەت لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیدا هەیە کە دەبێتە مایەی زووتر گواستنەوەی هەڕەشەکان و دروستبوونی دوژمنایەتی، بۆیە دەبێت هەموو یەکەیەکی ئاسایشخواز لە بەرچاوی بگرێت. یەکەم "کاتێک هەوڵدەدەین بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆمان، ڕەنگە دۆخی نائاسایشی بۆ ئەوانی دیکە دروست بکەین. دووەم کاتێک هەنگاو دەهاوێژین بۆ پاراستنی خۆمان، ڕەنگە زۆرجار دەرئەنجامی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە" (Bilgin, 2019, p. 2). هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی کرد وەکو هەوڵێک بۆ بەهێزبوون و پاراستنی قەوارە سیاسیەکەی، بەڵام ئەم هەنگاوە دۆخێکی نادڵنیایی، ترس و نائارامی زۆری بۆ ئێران و تورکیان دروستکرد. بۆیە مەترسیە ئاسایشییەکانی سەر هەرێمی کوردستان لە پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم لە لایەن دەوڵەتی تورکیا و و ئێران دەرخەری بوونی دینامیکیەتە ئاسایشییە لە نێوان سێ قەوارەی سیاسی کە کاریگەردەبن بە یەکتر. بۆیە هەردوو دەوڵەت بەخێرایی کۆمەڵێک کاردانەوەیان نواند وەکو وەڵامێک بۆ هەنگاوی ئەنجامدانی ریفراندۆم وەکو داخستنی ئاسمان بەسەر هەرێمی کوردستان، داخستنی سنور لە لایەن ئێران، لادانی کورد لە پێگە سیاسی و ئیداری و خزمەتگوزارییەکانی کەرکوک پاش ١٦ ی ئۆکتۆبەر، بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق، پاشان ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، هەموو ئەمانە بەشێکبوون لە هەڕەشەی ئاسایشی لە لایەن هەردوو دەوڵەت بۆ بچوککردنەوە و لاوازکردنی هەرێمی کوردستان.

### ٢/ ستراتیژیەتی ئێران و تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم:

ستراتیژی تورکیا و ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان دابەشی دوو قۆناغ دەبێت. قۆناغی یەکەم بریتیە لە بوونی هەماهەنگی ئابوری، سیاسی، ئاسایشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هەردوو دەوڵەت لە پەیوەندییەکی بەهێزدابوون لەگەڵ هەرێمی کوردستان و وەکو هێزێکی پرۆکسی(proxy actor) کاریگەر لە ناوچەکە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە. ئەم قۆناغە زیاتر لە سەر بنەمای لۆژیکی مامەڵەکردن بووە لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەکو کریارێکی سیاسی (Patron-Client Relations) نەک پەیوەندییەکی ستراتیژی درێژخایەن لەسەر بنەمای پرەنسیپ و بەرژەوەندی هاوبەشی دوو لایەنە.

قۆناغی دووەم لە پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران لە پاش ساڵی ٢٠١٧ و ئەنجامدانی ریفراندۆم دەستپێدەکات کە بریتیە لە قۆناغی گۆڕینی روئیای هەردوو دەوڵەت بەرامبەر کوردستان لە هێزێکی پرۆکسی و دۆستەوە بۆ دوژمن، لەم قۆناغەدا ستراتیژی سنوردارکردن و لاوازکردنی هەرێمی کوردستان پەیرەوکرا بە ئامانجی بچوکردنەوەی کوردستان و هەوڵدان بۆ دەرهێنانی هەرێمی کوردستان لەو پێگە دەستوری و سیاسی و دبلۆماسیەی هەیەتی کە بەهۆی بەشداری کاریگەری پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش و هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ بازاڕی جیهانی پەیدای کردبوو. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بە ووردی لە هەردوو قۆناغ لۆژیک و ستراتیژی تورکیا و ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان روون بکەینەوە.

### ٢ـ١/ لۆژیکی یەکەم: مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەک هێزێکی پرۆکسی:

لە دوو دەیەی رابردوو، گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرفراوانبوونی بازنەی ململانێکان و جەنگە درێژخایەنەکان، دۆخێکی نوێی هێنایە ئاراوە ئەویش جێبەجێ کردنی ئەجێندای سەربازی و سیاسی دەوڵەتانە لە لایەن ئەکتەرە سیاسیە ناودەوڵەتیەکان. بە واتایەکی دیکە شەڕکردنی دوو دەوڵەت لە ناو خاکی دەوڵەتی سێیەم، دەوڵەتێک پەنا بۆ هێزی مرۆیی و سەربازی دەرەکی دەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ستراتیژی سیاسی و ئاسایشی دەوڵەت. لە رووی تیۆریەوە بە بەکارهێنانی چەمکی ( proxy wars) ئەم دۆخە شیدەکرێتەوە.

جەنگی بە وەکالەت بریتیە لە "بەرێوە چوونی ململانێیەکی هەرێمی یاخود نێودەوڵەتی کە لایەنی سێهەم دەستتێوەردانی تێدادەکات بە شێوەی ناراستەوخۆ بە ئامانجی کاریگەری دروستکردن لەسەر ئاراستە و دەرئەنجامی جەنگەکە لە بەرژەوەندی دەوڵەتێکی سەرەکی لە ململانێیەکەدا"( Costantini & Donelli, 2022, p. 4). لەم جۆرە جەنگەدا، لایەنێکی سەرەکی هێزی مرۆیی، سەرچاوەو خاکی ئەکتەرێکی دیکە بەکاردەهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی ستراتیژی لە دەرەوە، لە بەرامبەردا دەوڵەتی سەرەکی، چەک، راهێنان و پارە دابینەکات بۆ ئەکتەری بەشدار لە شەڕەکە کە بەشێوەی سەرەکی جێبەجێ کاری ئەجێندانی دەوڵەتە. لەم نێوەندەدا هەردوو لایەن، دەوڵەتی سەرەکی، لەگەڵ ئەو هێزەی بە نوێنەرایەتی دەوڵەت لە ململانێدایە سوودێکی دوو لایەن وەردەگرن لە رووی سیاسی، سەربازی و ئاسایشی. ئێران و تورکیا دوو دەوڵەتی هەرێمی هەژموونخوازن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەرژەوەندی زۆریان لە دەرەوەی سنورو خاکی خۆیان هەیە. بۆیە یەکێک لە ستراتیژە سەرەکیەکانیان بریتیە لە هانابردن بۆ هێزی

دەرەکی لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیان. یەکێک لەو ئەکتەرە هەرە کاریگەرانەی کە پشتیان پێ بەستووە بریتی بووە لە هەرێمی کوردستان.

هانابردن بۆ هێزی پرۆکسی لە لایەن هەردوو دەوڵەت زیاتر لە سەر بنەمای حیسابکردنی تێچووە لە رووی خوێن و سەرچاوەی دارایی. "یەکێک لەو هۆکارانەی وا دەکات دەوڵەتان زیاتر پشت بە هێزی پرۆکسی ببەستن ئەوەیە کەوا تێچووی رووبەرووبەوەی راستەوخۆی دەوڵەتان یەکجار زیاترە بە بەراورد بەشداریکردنی ناراستەوخۆ، بە تایبەت لە ژینگەیەکی نائارامی هەرێمی وەکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Costantini & Donelli, 2022, p. 6). بۆیە ئێران و تورکیا لە رابردوودا سپۆنسەری ئەنجامدانی جەنگی گەورەیان کردووە لە عێراق، سوریا، لوبنان، لیبیا، فەلەستین، یەمەن بە پشتبەستن بە ملیشیا و گرووپە سەربازییە فەرمی و نافەرمییەکان لەناو ئەو دەوڵەتانە. شەرکردن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، شەرکردن لەگەڵ تیرۆریستانی (دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام) داعش، ململانێکردنی پارتە کوردستانیە ئۆپۆزیسیۆنەکان، ئەگەر لە لایەکەوە شەرکردن بوویێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە ئەو شەرکردنە خزمەتکردن بووە بە ئەجێندانی سیاسی و ستراتیژی هەردوو دەوڵەت، بۆیە هەردوو دەوڵەت تاوەکو ئەنجامدانی ریفراندۆم هاوکاری تەواوی هەرێمی کوردستان دەکەن چونکە وەکو هێزێکی پرۆکسی تەماشای دەکەن.

مامەڵەکردنی هەردوو دەوڵەت لەگەڵ هەرێمی کوردستان تا ئەندازیەکی زۆر جیاوازە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ گرووپە میلیشیایەکان و ئەکتەرە نادەوڵەتیە نافەرمییەکان، چونکە هەردوو دەوڵەت بە فەرمی و لە ئاستی دامەزراوەیی و حیزبی هەماهەنگی سەربازی و ئاسایشیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و دەستتێوەردان دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی لە دوو دەیەی رابردوودا، ستراتیژی هەردوو دەوڵەت بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە رووی سەربازی و ئاسایشی بە ئامانجی بەشداریکردنی هەرێمی کوردستان بووە لە بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ئاسایشییەکانیان لە دەرەوەی خاکی خۆیان. فاکتەرێکی جەوهەری ناوخۆیی هەیە بۆ پشت بەستن بە هەرێمی کوردستان لە لایەن هەردوو دەوڵەت. بۆ نموونە تورکیاو ئێران هەرگیز رێگە نادەن دۆخێکی سەربەخۆ بۆ هەرێمی کوردستان دروستبێت کاریگەری لەسەر هەست و بۆچوونی کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکات کە بەشێکن لە سەروەری خاکی هەردوو دەوڵەت، بۆیە ترسێکی زۆریان بەرامبەر هەرێمی کوردستان هەیە، وە هەوڵدەدەن ئەو نیگەرانیە ئاسایشییە لە رێگەی بەکارهێنانی هەرێمی کوردستان بڕەوێننەوە. بۆ نموونە لە پێناوی سنوردانان بۆ هێزە سەربازییە بەرهەڵستکارەکانی هەردوو دەوڵەت. تێڕوانینی هەردوو دەوڵەت ئەوەیە کە بەکارهێنانی هەرێمی کوردستان دژی پارتە کوردیەکانی رۆژهەڵات و پەکەکە لە باکوری کوردستان لە لایەک دەبێتە مایەی دابەشکردنی کوردەکان، لێکترازانی زیاتری نەتەوەیی، هەروەها فاکتەرێکە بۆ رێگریکردن لە هەرێمی کوردستان کە بەهێز بێت و بتوانێت دەستتێوەردان بکات لە دۆخی کوردەکان لە تورکیا و ئێران. بۆیە تاوەکو ئەنجامدانی ریفراندۆم، هەماهەنگیەکی بەرچاوی ئاسایشیی لە نێوان تورکیا-ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە. هەردوو دەوڵەت بە ئامرازی جیاواز و بەرژەوەندی جیاواز پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان پەرەپێدابوو، لەگەڵ تورکیا هەماهەنگیەکان لە بواری ووزە و ئاسایشن، لەگەڵ ئێران پەیوەندییەکان زیاتر سیاسی و ئابورین.

دەکرێت بگوترێت کە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەکو هێزێکی پرۆکسی بۆ دوو ئامانجی سەرەکی بووە: یەکەم هەردوو دەوڵەت لە رێگەی دەستتێوەردان و دابەشکاری لە نێوان حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان توانیان رێگەبگرن لەوەی هەرێمی کوردستان پەیوەندی لەگەڵ کوردانی بەشەکانی دیکە هەبێت کە ئەمە هەڕەشەیەکی گەورەی بەڵگە نەویستە لەسەر ئاسایشی تورکیا و ئێران. ئامانجی دووەمی هەردوو دەوڵەت رێگەگرتن بووە لە هەرێمی کوردستان تاوەکو نەگات بە هیچ پلەیەک لە سەربەخۆیی، چونکە ئەگەر هەرێمی کوردستان فراوان بێت و ببێت بە دەوڵەت خەونی گەورەتر دەبێت و دەستتێوەردان لە کاروباری دەوڵەتی تورکیا و ئێران دەکات، چونکە سروشتی دەوڵەت وایە کە پەلدەهاوێژێ بۆ فراوانخوازی و دەستتوەردان لە کاروباری دەوڵەتانی دراوسێ.

تورکیا و ئێران کە لە رووی نەتەوەیی، خاک و مێژوو، تێکەڵکێشی ئاسایشیی، هاوبەشی جوگرافی، نەتەوەیی و زمانەوانی هەیە لەگەڵ هەرێمی کورستان، بۆیە سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان هەڕەشەیەکی وجودی گەورەیە بۆ سەر یەکگرتوویی خاک و ئاسایشی نیشتمانیان. هەردوو دەوڵەت لە قۆناغی پێش ریفراندۆم و پاش ریفراندۆم ستراتیژێکیان پەیرەو کردووە بەرامبەر هەرێم کە جگە لە دەستتێوەردان و سنوردانان بۆ هەرێمی کوردستان، رێگەیان گرتووە لەوەی هەرێمی کوردستان بگات بە ئاستی خاوەن سەروەری چونکە راستەوخۆ دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر یەکگرتوویی خاکی تورکیا و ئێران. دەکرێت بگوترێت هەمیشە پەیرەویان لە لۆژیکی بچوک کردنەوە و سنوردانان و پەرتکردنی هەرێم کردووە تاوەکو لە چوارچێوەیەک بمێنێتەوە لە ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی گەشە نەکات.

**٢-٢/ لۆژیکی دووەم: مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەکو کریار:**

ئێران و تورکیا زۆرجار بە لۆژیکی کریارێکی ئابوری-سیاسی(Patron-Client Relations) مامەڵەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە، ئەمەش لە ڕێگەی هەماهەنگی ئابوری و ئاڵوگۆری ووزە بە روونی لە نێوان تورکیا-ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەستی پێدەکرێت. ئەم دۆخە دەکرێت پێناسە بکرێت بە "پەیوەندییەکی درێژخایەن لە نێوان دوو ئەکتەری ناهاوسەنگ کە تێکەڵاوی و بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیان هەیە"(Hilgers, 2011, p. 570). لەم جۆرە پەیوەندییەدا لایەنی بەهێز هەماهەنگی و ئاڵوگۆری ئابوری لەگەڵ لایەنی لاواز ئەنجام دەدات لە سەر بنەمای سودێکی نایەکسان، لایەنی بەهێز پاڵپشت و هاوکاری لایەنی لاواز دەکات و زۆرترین سود دەکات، لایەنی لاواز هەموو تواناکانی خۆی دەخاتە خزمەتی لایەنی بەهێز و سودێکی دیاریکراو دەکات. شایەنی ئاماژە پێدانە کە هەماهەنگی نێوان ئەم دوو قەوارە نایەکسانە لە رووی هێزی ماددی و مەعنەوییەوە پاڵپشتە بە رێککەوتنێکی سیاسی دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش. بە واتایەکی دیکە، "رێککەوتنی هەردوو لایەن هیچ پابەندی و بنەمایەکی یاسایی نیە، لە هەر کاتێکدا رێککەوتنەکە شایەنی هەڵوەشانەوەیە"( Hilgers, 2011, p. 570).

پەیوەندی و هەماهەنگی هەرێمی کوردستان لە پێش ریفراندۆم لەگەڵ تورکیا لە رووی وزە، ئاڵوگۆری بازرگانی پێ دەنێتە قۆناغێکی تەواو پێشکەوتوو، هەردوو دەوڵەت هەماهەنگیەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەرفراوان دەکەن کە سوودی دوو لایەنەی هەیە، بەڵام لێرەدا ئەم پەیوەندی و رێککەوتنە ئابوری و سیاسییە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی درێژخایەنی نێوان دوو ئەکتەری یەکسان نیە، بەڵکو بریتیە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی-ئابوری بە مەبەستی پشتیوانی سیاسی. ئێران و تورکیا هەماهەنگیان لە ئاستی بازرگانی و ئابوری و ووزە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە پاش ساڵی ٢٠٠٧ تەواو بەرفراوان بوو، لەبەرامبەر سوودی ئابوری، پشتیوانی سیاسیان بۆ هەرێمی کوردستان نیشاندەدا، بۆیە بە فەرمی مامەڵەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرد. بەڵام ئەم پشتیوانیە سیاسییە کاتی بوو، گۆڕانکاری بەسەرداهات پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم، چونکە هەرێم خواستی دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگیەکی هەبوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش. ئەمە یەکێک بوو لە سەرەکیترین ئاریشەکانی بەردەم هەماهەنگی و پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران، واتە پەیوەندییەکان لە ئاستی دامەزراوەی سیاسی و لەسەر بنەمای رێککەوتنی تۆکمەی درێژخایەن نەبوو، بەڵکو تێڕوانینی هەردوو دەوڵەت بریتی بوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەکو کریارێک کە سودێکی زۆری ئابوری دروستدەکات لەبەرامبەر دابینکردنی پشتیوانی سیاسی. گۆڕانکاری لە تێڕوانینی هەر ئەکتەرێک، کۆتایی بەم جۆرە رێککەوتنانە دەهێنێت و هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان دەگۆڕێت.

تێڕوانینی هەردوو دەوڵەت لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە نابێت هەرێمی کوردستان هیچ هەنگاوێک بهاوێژێ کە ببێتە مایەی هاندانی ئەو نەتەوانەی لە تورکیا و ئێران خواستی جوداخوازییان هەیە. لە "کۆبوونەوەی رەجەب تەییب ئۆروگان و حەسەن رۆحانی، رۆحانی بە روونی ئاماژە بەوە دەدات کەوا عێراق وولاتێکی خاوەن سەروەرییە و رێگە بە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی جوگرافی نادەن، هیچ هەنگاوێک قبوڵ ناکەن کە دەبێتە مایەی دروستبوونی هەڕەشە بۆ سەر یەکگرتوویی خاک و ئاسایشی نیشتمانی تورکیا و ئێران"(Changfeng &Temitayo, 2018, p.62). هەروەها کاردانەوەی توندی تورکیا لە پاش ڕایفراندۆم دیسان پەیوەندی بە سیاسەتی ناوخۆیی تورکیاوە هەیە، "ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی تورکیا بریتیە لە نەبوونی هیچ نەتەوەیەک جگە لە تورک و توانەوەی هەر نەتەوەیەک خواستی سەربەخۆ بوونی هەبێت، بە تایبەت نەتەوەی کورد پاشان پێکهاتە و نەتەوەکانی دیکە"(Sagnic, 2010, p.128). بۆیە ئۆردوگان لە پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم دەڵێت کەوا کوردەکان دەبێت باجی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بدەن، چونکە ستراتیژی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان ستراتیژێک بووە لەسەر بنەمای قازانجی ئابوری و بازرگانی و رێگەندان بە هیچ پێشکەوتنێک و بەهێزبوونێکی هەرێمی کوردستان، هەروەها کۆی پاڵپشتییە سیاسیەکان کاتی بوون و دەرئەنجامی هەماهەنگیەکی ئابوری کورتخایەن بووە نەک گۆڕانکاری لە روئیای ستراتیژی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ئارگۆمێنتەی سەرەوەیە کە هەردوو دەوڵەت تاوەکو ساتی ئەنجامدانی ریفراندۆم وەکو کریارێک لە هەرێمی کوردستان دەروانن، نەوەک ئەکتەرێکی ئاسایشخواز لە ناوچەکە کە خوازیاری بەرژەوەندی و سودی دوو لایەنیە. هەروەها وەک لە چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە ئاماژەی پێدرا هەر دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا، وەکو دوژمنێک لە هەرێمی کوردستان دەروانن کە دەشێت لە داهاتوو ببێتە هەڕەشەی گەورە بۆ سەر یەکگرتوویی خاک و سەروەری هەردوو دەوڵەت، ئەمەش بە هۆکاری تێکەڵاوی نەتەوەیی و زمانەوانی و مێژوویی، هەروەها نزیکی جوگرافی و هاوبەشی سنور، ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی پرۆسەی دوژمنایەتی لە نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران تەواو بەرفراوان کرد.

### ٣/ کاریگەری هەڕەشە ئاسایشییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان پاش ریفڕاندۆم:

لە پاش رووخانی رژێمی بەعس لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، سیستەمێکی سیاسی نوێ لە عێراق دروستبوو، کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی فیدراڵی بەدەستهێنا و جێگیرکرا لە دەستوری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥. هەرێمی کوردستان وەکو ئەکتەرێکی نادەوڵەتی، پەیوەندی سیاسی و ئابوری لەگەڵ دەوڵەتە هەرێمی و جیهانییەکان دروستکرد. لەم نێوەندەدا هەرێمی کوردستان لە پاش ساڵی ٢٠٠٧ دەستیکرد بە سیاسەتی خۆبەرێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی خاکی کوردستان ئەمەش بە قۆستنەوەی ئاستی پەیوەندی فراوانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، کێشە و ئالنگارییە ناوخۆییەکانی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێگەخۆشکەر بوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمێکی سەقامگیر لە عێراق. "هەرێمی کوردستان وەکو دەوڵەتێکی دیفاکتۆ، سەرچاوە نەوتییەکانی خۆی بەکارهێنا بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە دەرەکییەکانی.. ئەمەش بووە مایەی پەیدابوونی رەهەندێکی نوێ بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتی"(Alkış, 2022, p. 3).

بەرێوەبردنی سەربەخۆییانەی سەرچاوە سروشتییەکان، وە شەرکردن دژی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) داعش و شەری دژی تیرۆریزم هێز و توانایەکی زۆری بە هەرێمی کوردستان بەخشی، بۆیە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمیی و جیهانی بەردەوامبوون لەسەر ئاستی هەماهەنگی سیاسی، ئابوری، ئەمنی، سەربازی، ئاڵوگۆری کلتوری. هەرێمی کوردستان بەردەوامبوو لە هەماهەنگیکردن لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی دراوسێ تاوەکو دەگات بە ساتی ئەنجامدانی ریفڕاندۆمی سەربەخۆیی لە ساڵی ٢٠١٧. ئەنجامدانی ریفڕاندۆم هەرێمی کوردستان دابەشی دوو قۆناغ دەکات، هەرێمی کوردستان پێش ریفڕاندۆم، کە هەرێمێکی بەهێزی ئابوری و سیاسیە و خاوەن پێگەیەکی بەهێزی هەرێمی و نێودەوڵەتییەو هەمانگە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی کاریگەری دراوسێ کە تورکیا و ئێران، هەروەها هەرێمی کوردستان پاش ئەنجامدانی ریفڕاندۆم، کە هەرێمێکە لە ژێر گوشار، سزای ئابوری و گەمارۆی سەربازیدایە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دابڕاوە. عێراق، سوریا، تورکیا و ئێران هەوڵێکی چوار قۆڵیاندا بۆ سنوردارکردن و تەواو بچوکردنەوەو لاوازکردنی هەرێمی کوردستان، بۆیە قۆناغی پاش ریفڕاندۆم مەترسیدارتین قۆناغی ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستانە، قۆناغێکە پڕاوپڕە لە هەڕەشەی گەورەی تورکیا و ئێران بە کردار، کە لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت بە تێروتەسەل روونبکرێتەوە.

هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی بوژانەوەی ئابوری بوو پاش ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو هاتنی داعش و دابەزینی نرخی نەوت و پاشان ئەنجامدانی ریفڕاندۆم. بەهۆی هەناردەی نەوتی هەرێم بە بۆری تورکیا و کارکردنی کۆمپانیا بیانییەکان لە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتدا، ئابوری هەرێمی کوردستان بەردەوام بە قوڵی وابەستە بووە بە پەیوەندییەکی باشی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ. هاوکات، ئەم دەوڵەتانەی دراوسێ بە قوڵی دژی هەر خواستێکی جودابوونەوەی هەرێمن لە عێراق. بۆیە پاش ئەنجامدانی ریفڕاندۆم، فشارێکی دوژمنکارانە وەکو سزا بەسەر ئابوری و بوژانەوەی هەرێمی کوردستان لە لایەن تورکیا و ئێران گیرایەبەر.

یەکەم هەڕەشەی گەورە پاش ریفڕاندۆم بریتیبوو لە "خنکاندنی ئابوری هەرێمی کوردستان وەکو وەڵامێک بۆ هەوڵی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، حەیدەر عەبادی داوای لە هەرێمی کوردستان کرد خاڵە سنورییەکان، فرۆکەخانەکان و ناوچە جێناکۆکەکان رادەستبکەن، لە هەمانکاتدا فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکرد بۆ ئەندامانی کۆمسیۆن و کەسانی باڵا دەست لە پرۆسەی بەرێوەچوونی ریفڕاندۆم "(Sumer & Joseph, 2018, p.12 ). شایەنی ئاماژەپێدانە یەکەم هەڕەشەی زۆر گەورە بۆ سەر کورستان بریتیبوو لە رەتکردنەوەی داواکارییەکانی بەغدا لە لایەنی هەرێمی کوردستان، لە دەرئەنجامدا، فرۆکەخانەکانی هەرێمی کورستان داخران و هێرشی سەربازی بۆ ناوچە جێناکۆکەکان ئەنجامدرا. ئەم هەنگاوە جگە لە وەرگرتنەوەی ٤٤ کێڵگەی نەوتی، بە نزیکەی نیوەی خاکی کورستان کە قوڵاییەکی ستراتیژی بۆ هەرێمی کوردستان هەبوو کەوتە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا.

ئەم هەنگاوە لە کاتی خۆیدا هەرێمی کوردستانی لە رووی سیاسی و سەربازی و ئابوری نزیککردوە لە شکستێکی تەواو. دووەم هەڕەشەی گەورە لە لایەن ئێرانەوە دەستیپێکرد کاتێک سنوری ئاسمانی و وشکانی بەسەر هەرێمی کوردستاندا داخست، پاشان تورکیا بە هەمان شێوە دەستیکرد بە داخستنی ئاسمانی تورکیا بەسەر هەرێمی کوردستان، ئەم هەنگاوانە بە تەواوی هەرێمی کوردستانی دابڕاند لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. "ئەم کاردانەوەو هەڕەشانەی تورکیا و ئێران چاوەڕوانکراو بوو چونکە هەردوو دەوڵەت مێژوویەکی درێژیان هەیە لە ململانێ و توندوتیژی لەگەڵ کورد، ریفڕاندۆم هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆ سەریەکگرتووی خاکیان، بۆیە بە دروستکردنی هەڕەشەی گەورە هەوڵی بنبڕکردنیاندا"(Masarat, 2018, p.5). دەستپێکی دروستبوونی رێککەوتنی هەمەلایەنەی عێراق و تورکیا و ئێران و بریاردان لەسەر سزادانی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی هەڕەشەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە بەرواری ٣٠-٩-٢٠١٧ دەستپێکرد. لە گوتارێکدا لە کۆشکی کۆماری تورکیا، رەجەب تەییب ئۆردوگان بە ئاشکرا لە بەردەم بەرپرسانی باڵای کۆماری تورکیا هەڕەشە لە کوردستان دەکات و دەڵێت "باکوری عێراق بێ ئێمە هەنگاویان نا و ویستیان جودابینەوە، بەڵام دەبێت باجی ئەم کارە بدەن کە ئەنجامیاندا " (AFP news agency, 2017). لە لایەکی دیکەوە، لە

کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی سەرۆکی تورکیا و ئێران لە بەرواری ٤-١٠-٢٠١٧، دەستپێکرد کە رەجەب تەیب ئۆردوگان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی رایگەیاند " لەمر چرکە ساتەوە هەنگاوە یەکلاکەرەوەکان بەرامبەر باکوری عێراق (هەرێمی کوردستان) دەگیرێنە بەر, چونکە ریفراندۆمێکی ناشەرعیە و جگە لە ئیسرائیل کەس دانی پێدانانێت" (Aljazeera, Regencia, 2017). دوو رۆژ پاش کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆکی ئێران و تورکیا، سەرۆکی تورکیا "داخستنی سنوری ئاسمانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان راگەیاند و گوتی دەبێت بە زووترین کات دەروازە سنورییەکان رادەستی حکومەتی ناوەندی بکرێتەوە و مامەڵەی راستەوخۆ لەگەڵ بەغدا بکرێت" (Independent, Karadeniz, 2017). هەرەشەکان پاش ئەنجامدانی ریفراندۆمر زیاتر بەرفراوان بوون کاتێک "پەرلەمانی عێراق رەزامەندیدا لەسەر ناردنی هێزی سەربازی بۆ ناوچە جێناکۆکەکان و کۆمەڵێک سزای بۆ سەر هەرێمی کوردستان پەسەندکرد، تورکیا و ئێران بە مانۆری سەربازی لەسەر سنور و بە هەرەشەکردن بۆ راوەستاندنی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی کاتی تەواوی تەواوی پەیوەندییە ئابوری و هەماهەنگییە ئاسایشی و سیاسیەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان پچراند" ( O'Driscolla & Baser, 2019, p.3). دەرئەنجامی ئەمر هەرەشانە هەرێمی کوردستانی کەوت ژێر مەترسی لە قاڵبدان و لەناوچوون، چونکە تورکیا، عێراق و ئێران پێکەوە لە لایەک و هەرێمی کوردستان لە بەرامبەردا بە تەنها مایەوەو کەرکوک و پرسی هەناردەکردنی نەوت و دۆخی ئابوری کوردستان لەو نێوەندەدا رووبەرووی دارمانی حەتمیدا بوونەوە.

هەرێمی کوردستان لە پاش جێبەجێکردنی هەرەشەکانی هەرسێ دەوڵەتی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە، گەیشتە لاوازترین دۆخ لە پاش ساڵی ١٩٩١ ەوە، چونکە هاوکات لە جێبەجێکردنی هەرەشەکان، دەستتێوەردانی ئاشکرای ئێران بۆ لێکترازانی سەربازی هەرێمی کوردستان، ئاشتەوایی و یەکگرتووی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستانی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمی بە تەواوەتی لەباربرد و دەرئەنجامی ئەمر لێکترازانە ناوخۆییە بووە مایەی ئەوەی بە ئاسانی کەرکوک لە رێگەی سەربازییەوە لە دەستی هەرێمی کوردستان دەربهێندرێت و هەرەشەکان قۆناغ بە قۆناغ چوونە بواری جێبەجێکردنەوە تاوەکو بریارەکانی دادگای فیدراڵی لە دژی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمر لە ساڵی ٢٠٢٣.

یەکێک لە کاریگەری و دەرئەنجامە ترسناکەکانی جێبەجێکردنی هەرەشە و هەنگاوەکانی تورکیا، ئێران و عێراق بریتیبوو لە لاوازکردنی سەرچاوەی داهات و دارایی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کە لە هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک و پاشان نەوتی هەرێمی کوردستان دەستیدەکەوت، هەرێمی کوردستان پاش جێبەجێکردنی هەرەشەکان لە رووی داراییەوە گەیشتە خاڵی سفر و قەیرانێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دروستکرد کە تاوەکو دەیان ساڵی دیکە رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە و تاکەکان و ئەدای حکومەت لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی. لە لایەکی دیکەوە "هەرەشەی دەوڵەتانی دراوسێ بۆ هاتنەژوورەوەو داگیرکاری کاریگەری گەورەی لەسەر پرۆسەی گەشەسەندی دیموکراسی و هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دروستکرد و ناکۆکیەکی گەورەی لە ئاستی ناوخۆیی دروستکرد" ( Esposti, 2021, P.13). یەکێکی دیکە لە دەرئەنجامەکانی هەرەشەکانی دەوڵەتانی دراوسێ و عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە پاش ریفراندۆمر بریتیبوو لە لێکترازانی کۆمەڵایەتی و نەمانی متمانەی سیاسی لە نێوان خەڵک و دەسەڵات کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پرسی رەوایەتی دەسەڵات و حکومەت دروستکرد و تاوەکو ئێستاش ئەمر لێکترازان و بێ متمانە سیاسیە بەردەوامە. هەموو ئەمر کاردانەوەی دەوڵەتانی دراوسێ، تورکیا، ئێران و عێراق دەرئەنجامی ترس بوو لە هەنگاوەکانی پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان و رێگەگرتن بوو لە هەرێمی کوردستان کە پەیوەندییەک لەگەڵ هەردوو دەوڵەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش دروستبکات، بۆ رێگەگرتن لە گەیشتن بەمر ئەنجامە کە خواستی ریفراندۆمر بوو، هەردوو دەوڵەت کۆمەڵێک فشاری سیاسی و ئاسایشی و ئابوریان دروستکرد بووە هۆی لاوازکردن و بچوکردنەوەی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەو گوشارو هەرەشانە ئێستا هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی تەواو هەستیارو لاوازدایە.

## ئەنجام:

تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیی قوتابخانەی کۆپنهاگن باشترین چوارچێوەی تیۆریە بۆ شیکردنەوە و وەسفکردنی ئەو ستراتیژەی لە لایەن دەوڵەتانی تورکیا، عێراق، ئێران بەرامبەر بە کورد گیرایەبەر لە پاش ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی ساڵی ٢٠١٧، ئەمر تیۆرە ئەو فاکتەرانە روونەکاتەوە کە هاندەربوون بۆ کاردانەوەی توندی دەوڵەتان و لاوازکردن و سنوردارکردنی هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان بەهۆی نزیکی جوگرافی و تێکەڵاوی ئێتنیکی و هاوبەشی مێژوویی، جوڵە و کردارەکانی ئەگەر لە بەرژەوەندی ئەو دوو دەوڵەتە نەبێت وەکو هەرەشە بۆ سەر ئاسایش و یەکگرتوویی خاکیان دەخوێندرێتەوە. ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ بەڵگەی سەلمێنەری ئەمر ئارگۆمێنتەیە و هەرێمی کوردستانی بردە قۆناغی دوژمنایەتی لەگەڵ ئێران و تورکیا ، بۆیە پەیوەندییەکان و هەماهەنگی لە ئاستی سیاسی، ئابوری، بازرگانی و دبلۆماسی بە تەواوەتی گۆڕانکارییان بەسەرداهات.

كاردانەوەو هەنگاوەكان بۆ لاوازكردنی كوردستان لە پاش ساڵی ٢٠١٧ بەرامبەر هەرێمی كوردستان سەلمێنەری یەک راستیە ئەویش ئەوەیە كە دەوڵەتانی ئێران و توركیا تەنها كاتێک هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی كوردستان دەكەن كە وەكو هێزێكی پرۆكسی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی هەردوو دەوڵەتان بكات، بۆیە هەر بیركردنەوەیەک بۆ دروستكردنی پەیوەندی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، واتە دەرچوون لە بازنەی بەرژەوەندی هەردوو دەوڵەت، دەرئەنجامی ئەم دەرچوونەش، سرینەوەو هەوڵدان دەبێت بۆ لەناوبردنی هەرێمی كوردستان. بە واتایەكی دیكە، ئێران و توركیا، پاش دەوڵەتی عێراق كە ئێستا هەوڵی كۆنترۆڵكردنی تەواوی كوردستان دەدات، نەک تەنها باوەڕیان بە پراكتیزەكردنی مافە بنەرەتیە سیاسی و ئابوری و ئاسایشییەكانی هەرێمی كوردستان نیە ئەگەر لە دەستوریش چەسپێندرابێت، بەڵكو كۆی هەماهەنگی و پەیوەندی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ كوردستان لەسەر بنەمای گومان و ترس دروستكراوەو ناهێڵێن هیچ گۆرانكارییەكی جەوهەری لە سروشتی ئەو پەیوەندییە دروست بێت. دەكرێت بگوترێت ئەم گومان و ترسەی دەوڵەتانی توركیا و ئێران لە بەرامبەر هەرێمی كوردستان وایكردووە ئەو دەوڵەتانە پرسی كورد بەئاسایش بكەن، ئەم پرۆسەی بەئاسایشكردنەی كورد ئەو راستیە دەسەلمێنێت كە دەوڵەتانی دەوروبەری كورد ئەگەر ئامادە بن بۆ قبوڵكردن و پراكتیزە كردنی مافەكانی كورد، تەنها لە چوارچێوەیەكی كولتووری و مەدەنی ئامادەن قبوڵی بكەن، ئەگەر بخوازن هەماهەنگ و هاوكاری ئابوری و سیاسی و ئەمنی لە نێوان ئەوان و هەرێمی كوردستان هەبێت، دەبێت لە خزمەتی بەرژەوەندی تاكلایەنەی نیشتمانی دەوڵەتانی دەوروبەر بێت، هەر كاتێک هەرێمی كوردستان پێچەوانەی ئەم تێروانینەی دەوڵەتانی توركیا، ئێران و عێراق، هەنگاو بهاوێژێت و بیەوێت بە شێوەیەكی یاسایی و سیاسی و لە چوارچێوەی دەسەڵات و خۆبەڕێوەبردن پراكتیزەی مافەكانی خۆی بكەن، ئەمە راستەوخۆ وەكو هەڕەشەیەكی گەورەیی ئاسایشی لە لایەن ئەو دەوڵەتانە هەژمار دەكرێت.

چارەسەر بۆ پاراستنی هەرێمی كوردستان بریتیە لە گۆرینی تێروانینی دەوڵەتان بەرامبەر هەرێمی كوردستان لە تێروانینی هێزێكی پرۆكسی و كریار، بۆ ئەكتەرێک كە ئەشێت هاوبەشێكی راستەقینە بێت لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی هاوبەشی دوولایەنە، هەروەها بۆ بەدیهێنانی ئەمەش پێویستە پرسی هەرێمی كوردستان وەكو مەترسییەكی ئاسایشی لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێوە بگوردرێت و ئەم پرسە بە نائاساییش بكرێت (de-securitization)، وەكوو ئەوەی لە قوتابخانەی كۆپنهاگن ئاماژەی پێدراوە. بە واتایەكی دیكە دەبێت داخوازی و مافی هەرێمی كوردستان دەربهێندرێت لە چوارچێوەی مەترسی ئاسایشیی بۆ سەر دەوڵەتانی دراوسێ. ئەم گۆرانكارییە ئاسان نیە و پەیوەندیدارە بە گۆڕینی ستراتیژی بە دوژمنكردنی كورد لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێوە. دەبێت مامەڵە لەگەڵ پرسی كورد بكرێت وەک پرسێكی ئاسایی نەک پرسێكی ئاسایشی كە دەتوانن لەگەڵ نەتەوە سەرەكیەكانی ناوچەكە پێكەوەبژین. هەنگاوی بە نائاسایشكردنی كورد دەشێت دەستپێكێک بێت بۆ چارەسەری سیاسی درێژخایەن وەكوو دروستكردنی دەوڵەتی فیدراڵی راستەقینە لە عێراق و هاوبەشی كردنی دەسەڵات بەشێوەی یاسایی و دەستوری و ڕێگەدان بە مومارەسەكردنی مافە ئابووری، سیاسی، یاسایی، سەربازی، دبلۆماسییەكان بەبێ خواستی سەربەخۆبوون.

## لیستی سەرچاوەكان:

### سەرچاوە كوردییەكان:

**١ـ كتێب:**


ئەحمەد، زوبێر، ٢٠٢٢، هەرێمی كوردستان و دراوسێكانی: چ جۆرە پەیوەندییەک؟ هەولێر: سەنتەری توێژینەوەو راپرسی كوردستان٢٤.


### سەرچاوە ئینگلیزی:

**١ـ كتێب:**


- Bilgin, Pinar (2019) regional security in the Middle East, A critical perspective. Second edition, New York, Routledge, Taylor & Francis Group.

- Bill McSweeney, Security, Identity and Interests: Sociology of International Relations (Cambridge: Cambridge University Press, 1999), 63.

-Buzan Barry & Waever, oli (2003) regions and powers: the structure of international security, Cambridge, Cambridge university press .

-Buzan, Barry (2003) Regional Security Complex Theory in the Post-Cold War World in Theories of New Regionalism, ed. Frederik Soderbaum & Timothy Shaw, New York: Palgrave Macmillan Press.


**٢ـ گۆڤار:**


- Aleksandra Kusztal, "Theoretical foundations of regional security in international relations- the overview," Journal of science of the military academy of land forces49, No. 1 (2017): 19.

- Alkış, Mehmet (2022) De facto statehood and natural resources: How oil resources affect the foreign relations of the Kurdish Regional Government of Iraq, the Extractive Industries and Society, 12(1).1-12.

- Athanasios Manis and Tomáš Kaválek, “The Catch-22 in Nineveh: The Regional Security Complex Dynamics between Turkey and Iran.” MERI 3, No.4 (December 2016): 1-15.

- Ayoob, Mohammed (1999) From Regional System to Regional Society: Exploring Key Variables in the Construction of Regional Order, Australian Journal of International Affairs, 53(3), 247-260.
- Bahgat , Gawdat (2005) Saddam Hussein's Legacy, Review of International Affairs ,25 (2), 93-103
- Bezen Coskun, "My Next Door Neighbour Goes Nuclear: Iran's Nuclear Programme and Regional Security Dynamics," ECPR Joint Sessions, Workshop 9, Helsinki (May 2007): p. 4.
- Changfeng, Zhao & Temitayo, Otenia (2018)2017 Iraqi Kurdistan's Referendum for Independence: Causes and Impacts, Humanities and Social Sciences, 6(2), 59-67.
- Coskun, Bezen (2007) My Next Door Neighbour Goes Nuclear: Iran's Nuclear Programme and Regional Security Dynamics," ECPR Joint Sessions, Workshop 9, Helsinki.
- Costantini,Irene & Donelli,Federico (2022) Sponsor-proxy dynamics between decentered multipolarity and non-state actors: evidence from the MENA region, Small Wars & Insurgencies, 1-23.
- Esposti, Nicola (2021)The 2017 independence referendum and the political economy of Kurdish nationalism in Iraq, Third World Quarterly, 10(1), 1-17.
- Eyvazov, Annatkhan (2011) some aspects of the theory of regional security complexes as applied to studies of the political system in the post-Soviet space." Journal of social and political studies, 12(2),17-24.
- Hilgers, Tina, (2012) Clientelism and conceptual stretching: differentiating among concepts and among analytical levels, Theory and society, 40(1), 567–588.
- Masarat, (2018) The Kurdish Referendum: Between Survival and Independence, King Faisal center for research and Islamic studies, 33(1), 1-7.
- O'Driscoll, Dylan & Baser, Baher (2019) Independence Referendums and Nationalist Rhetoric: The Kurdistan Region of Iraq, Third World Quarterly, 40(11), 2016-2034.
- Sagnic, Ceng (2010) Mountain Turks: State ideology and the Kurds in Turkey, Information, Society and Justice, 3 (2), 127-134.
- Sumer, Fahrettin & Joseph, Jay (2018) the paradox of the Iraqi Kurdish referendum on independence: contradictions and hopes for economic prosperity, British Journal of Middle Eastern Studies, 45(4), 574-588.
- Yandas, Osman (2005) Emerging regional security complex in central Asia: Cooperation organization (SCO) and challenges of the post 9/11 world. Ankara, Middle East technical university.

**٣- ئینتەرنێت:**

- AFP news agency, (2017)Erdogan warns of 'ethnic war' risk over Iraqi Kurdish referendum,(online) Last Accessed 27 January 2024 at: https://youtu.be/HOph0pR_W2I?si=sdM9iOzDfX35SE3u.
- Karadeniz, Tulay (2017) Recep Tayyip Erdogan ready to close Turkish border with Iraq in response to Kurdish tensions, (online), independent, Last Accessed 27 January 2024 at: Recep Tayyip Erdogan ready to close Turkish border with Iraq in response to Kurdish tensions | The Independent | The Independent.
- Regencia, Ted (2017) Erdogan, Rouhani united in opposition to Kurdish state, (online), Aljazeera, Last Accessed 27 January 2024 at: Erdogan, Rouhani united in opposition to Kurdish state | Kurds News | Al Jazeera.

## أثر التهديدات الأمنية التركية والإيرانية على إقليم كوردستان بعد إستفتاء عام 2017-2023

**شفان حمه صديق عبدالرحمن**
قسم العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية, جامعة صلاح
الدين-اربيل, اربيل- إقليم كردستان -العراق.
shvan.abdulrahman@su.edu.krd @uor.edu.krd

**صالح ملا عمر عيسي**
قسم العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية, جامعة صلاح
الدين-اربيل, اربيل- إقليم كردستان -العراق.
Salih.issa@su.edu.krd

**الملخص**
تهدف هذه الدراسة الى التعرف على أسباب تهديدات تركيا وايران ضد إقليم كوردستان بعد إجراء استفتاء الاستقلال، والتي ستتغير بشكل كبير، تحولت علاقات البلدين مع إقليم كوردستان بعد إجراء الاستفتاء من علاقة الصداقة والعلاقات الاقتصادية والدبلوماسية والامنية، الى علاقة عدائية مثل الضغط السياسي والاقتصادي والقانوني وكذلك التهديدات الامنية بهدف إضعاف إقليم كوردستان.
إجراء الاستفتاء كانت بداية لمرحلة جديدة بين الاطراف الثلاثة مبنية على الشك والخوف، وهذا الشك جعل من تحركات الدولتين تهديداً أمنياً كبيراً يهدد بقاء كيان إقليم كوردستان، وترى هذه الدراسة ان تهديدات هاتين الدولتين هي نتيجة محاولة إقليم كوردستان التحول من قوة وكيلة وفاعل سياسي الى بناء علاقة مبنية على المصالح المشتركة، تركيا وايران الى حد ما غير مستعدان للتعامل على اساس المصالح المشتركة مع إقليم يتمتع بتقارب جغرافي وثقافي وعرقي مع شعوب الدولتين. نتائج هذا البحث تؤكد أن الدول المجاورة للكورد على استعداد للاعتراف بحقوق الكورد على الصعيدين الثقافي والمدني فحسب، وإذا أراد إقليم كوردستان التنسيق مع الدول المجاورة على الصعد الاقتصادية والسياسية والأمنية، فإن هذا التنسيق ينبغي أن يخدم المصالح الأحادية للدول المجاورة فقط.

**الكلمات المفتاحية:** التهديدات الامنية، الاستفتاء، الصداقة، العداء، التهديدات.

## The Impact of Turkey's and Iran's Security Threats on the Kurdistan Region Following the 2017-2023 Referendum

**Shvan Hamasdiq Abdulrahman**
Department of Political Science, College of Political Science, Salahaddin University -Erbil, Erbil, Kurdistan Region Iraq.
shvan.abdulrahman@su.edu.krd

**Salih Mala Omar Issa**
Department of Political Science, College of Political Science, Salahaddin University -Erbil, Erbil, Kurdistan Region Iraq.
Salih.issa@su.edu.krd

**Abstract**
This paper aims to determine the nature and reasons behind the threats that Turkey and Iran pose to the Kurdistan region, which have changed substantially since the referendum. Following the referendum, the two nations' relations with the Kurdistan region to some extents shifted from amity to enmity, from diplomatic, security, and economic cooperation to a specific pattern of enmity in which they threatened Kurdistan's security with the goal of undermining and eliminating the status quo.
The referendum's conduct marked the beginning of a new security phase between Turkey, Iran, and the Kurdistan region, which is based on fear and uncertainty. Since then, the actions of both countries have constituted a serious threat to the future and survival of the Kurdistan region. This paper argues that the risks posed by both nations are a consequence of Kurdistan's attempts to build relationships based on mutual interests rather than patron-client relations. Neither of the two countries is prepared to deal with a region on its own that has both geographical proximity and cultural-historical interactions with nations of the other two countries. The findings of this study indicate that Kurdish rights are recognized in the civic and cultural frameworks of surrounding nations. In the end, collaboration between the Kurdistan region and its neighbors should benefit their interests if the region wants to engage in political and economic cooperation
**Keywords:** Security Threats, Referendum, Amity, Enmity, Threats.